جێوازی دوو وشەی ( دانەیی) و( دانەری)دە سروودی ئەو ڕەقیب دا

وڵامی بەڕێز ماموستا قادری ئەلیاسی

کاك قادر دەوڵام دا دەفەرموێ:(**بۆ ئاگاداری خوێنەرانی ئەم چەند دێڕە بە تایبەت خەمینی بەڕێز زۆربەی وشەکانی شێعرەکە دەستکاری کراون بەڵام وشەی ( دانەیی) وەك کە دەدیوانەکەدا هاتووە .دە دەنگە تۆمارکراوەکانیشدا هە روا وێژراوە** ) و بەڵگەشی بۆ سلماندنی، ئەو دیوانەیە کە لە لایەن ماموستا عەبدولخالەق عەلائەددین وە بە چاپ گە ییشتووە ،

لێرەدامن بە پێویستی دەزانم کەعەرزی بەڕێز کاك قادر بکەم کە بە داخەوە هەر سروودی نەتەوایەتی گەلەکەمان نییە کە دەستکاری کراوە ، بەڵام دە وڵامی وەیدا کە لە منی ویستووە بەڵگەی خۆم بۆ سلماندنی بۆچوونکەم لە مەڕ وەیکە وشەی (دانەری)درووستە نەك( دانەیی) ، پێویستە کە بڵێم بەڵگەی منی هەر خۆی کاك قادر نووسیوێتەوە کە دەفەرموێ (**زۆربەی وشەکانی ئەو شێعرە دەستکاری کراوە**) بەڵام من دیسان هەر ئاماژە بە ڕستەی خۆی کاك قادر کە لە سەرەوە هاتووە دەکەم ولە بەڕێزیان دەپرسم بۆ پێیوایە تەنیا وشەیەکی کە دەو شێعرەدا بێ بەڵا ماوەتەوە وشەی ( دانەیی) یە ؟ کاك قادر دەفەرموێ لە ساڵی ١٩٧٩ دا من خۆم هەر بە (دانەیی)م گوتۆتەوە جا لە بەڕێزیان دەپرسم کەراستی وشەی (دانەیی) دەسەلێنێ؟ چون من خۆم بۆ فێرکردنی ئەو سروودە بە منداڵەکانم ڕەنگبێ سەدان جارم خوێندبێتەوە ،بەڵام من خۆم ناڵێم کە (دانەري) لە( دانە یی)درووسترە چون خۆم هەر بە وشەی(دانەری) م گوتۆتەوە بەڵکوو من بەڵگەم بۆ درووستبوونی وشەی (دانەری ) هەر خۆی شێعرەکەیە جا لێرەدا ڕەنگبێ کاك قادر بلێ کە دە دیوانی نەمر دلدار دا هەر ( دانەیی ) نووسراوە ، کە من دە جوابی بەڕێزیدا دەلێم کە کام لەوبەڕێزانە کە زەحمەتێکی زۆریان دە چاپ کردنی ئەو دیوانەدا کێشاوە دەزانن کە ئەو شێعرە پاش دەستکاری کردنیان وەدەستیان نەکەوتبێ هەر بە پێی نووسراوەی بەڕێز کاك قادر کە دەلێ وشەکان ئاڵوگۆڕیان بە سەردا هاتووە ؟تەنانەت وشە گۆردڕاوەکانیشی بە ڕەنگی سوور نووسیونەوە ، دیسان بە پێویستی دەزانم کە بلێم بە دەر لەو بەڵگانەی کە کاك قادر هەیەتی من بەڵگەیەکی تایبەتیترم دەدەستدا نییە بێجگە لە خودی شێعرەکە ، هەڵبەت ئەو وشە گۆڕینە دە مێژووی گەلەکەماندا لە مەڕ شێعری شاعیرەکانمان تایبەت نییە بە نەمر دلدار بۆ وێنە ئەوی دیوانی وەفایی خوێندبێتەوە دەبینێ کە پڕە لە پاڕانتێز وئاکۆلاد وکرۆشە کە هەر هەموو باسی گۆڕینی ودەستکاری چەند وچەندین جاری وشەکان دەکەن بە لام بە یارمەتی وشەی پێش وپاش وشە گۆڕاوەکان یان لێکدانەوەی ناوەرۆکی شێعرەکان وشە ڕاستەکان دەکرێ بدۆزرێنەوە وجا ئەو وشەی (دانەیی)یان ( دانەری) یش لە ویاسا یە بە دەر نییە ،من

دیسان هەر بە پێی مانا وناوەرۆکی شێعرەکە وشەی ( دانەری) م پێ درووسترە تا (دانەیی) بۆ؟
چون نەمر دڵدار ئەگەر مەبەستی وشەی (دانەیی) بوویا دەیتوانی لە جیاتی وشەی (تۆپ) دوو وشەی( گێڕ) یان( چەرخ) دەکار بکا کە نە کێشی شێعرەکەی تێکدەدا نە مانا کەی( کەمەبەستی لە ددانەی چەرخی ڕۆژگار) دەبوو ئەگەر وێڕای وشەی (دانەیی)هاتبان کە ئەو دوو وشەش نە بۆ کورد ونە بۆ شێعری کوردی نامۆ نین .هەڵبەت لێم سوورە کە کاك قادریش هەرلەسەر بۆچوونی خۆی پێدادەگرێ ومافی خۆیەتی ،جا من لە هەموو ئەو ئازیزانە کە ئەو بابەتە دەخوێننەوە وشارەزایی زیاتریان هەیە داوا دەکەم کە لە سەر ئەو بابەتە بدوێن کە بە پێی مانا وناوەرۆك وتێکەڵاوی وشەکانەوە دە سروودی ئەی ڕەقیب دا وشەی ( دانەیی ) وێچووترە یان وشەی ( دانەری) ؟ کە من بەش بە حاڵیخۆم سەری ڕێز بۆ دەنگی زۆرینە دادەنوێنم .من جارێکی دیش دەڵێم کە ( دانەیی ) بۆ وشەی ( تۆپی زەمان ) نامۆیە ..جا دڵدار عیلمانی بووە یان عیرفانی هیچ لە شتەکە ناگۆڕی چون نەمر دڵدار بە زبانی کوردی ئەو سەردەمە ئەوسروودەی داناوە کە کورد ئەودەم وئێستاشی دەگەڵ بێ باوەڕی بە دانەری ئەو وەزع وداب ودەزگایەی بووە وهەیە ، کە مەوجوودە جا درووست یان نادرووست جێی باسی ئێمە نییە . بە هۆی هێندێك گیر وگرفتی فۆنتە کوردیەکان کە نەمتوانی نووسراوەکەی بخوێنمەوە، وەڵامی کاك قادر وەدرەنگێ کەوتووە کە بە گەورەیی خۆی بمبوورێ
بە سپاسەوە خەمین ١-١٢-٢٠٠٤